# کام پایتەختی ڕوناکبیری؟؟

**کامەران سوبحان**
kameransubhan@yahoo.com



ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە لە میدیاو ڕۆژنامەکاندا دەخوێنینەوە گوایە وەزیری ڕۆشنبیری پێشنیاری ئەوەی کردوە سلێمانی بکرێتە پایتەختی ڕوناکبیری کوردوستان، بۆئەم مەبەستەش ڕاگەیاندنی کوردی بەگشتی و ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بەتایبەتی خەریکی بەرپاکردنی هەڵمەتێکی گەورەی ڕاگەیاندنن، پێم وابێت ئەم کارەش ئەوەندە دێنێت کە قسەی لەسەر بکرێت، بەتایبەتیش گرنگە بۆڕۆشنبیرو ئەهلی قەڵەم خوێندنەوەیەکی وردی بۆئەم بابەتە هەبێت و پێویستیشە ڕوناکبیران قوڵایی ئەم پڕۆژەیە ببینن، نەك بینینێکی عاتفیانە..

سەرەتای دروستبون و گەڵاڵە بونی ئەم پڕۆژەیەش لەدوای یەکگرتنەوەی حکومەتەوە دەستی پێکرد، بەتایبەتی ئەو کاتەی زۆرجار لەشەقامی کوردیدا ئەوەمان گوێ لێدەبوو کە ئەم کابینە نوێیەی حکومەتی هەرێم سلێمانی پەراوێزخستەوە، بەتایبەتی لەڕوی ئیداری و ئاوەدانکردنەوەوە، بۆئەم مەبەستەو بۆ پارسەنگی ئەم حاڵەتەش ئەم دەنگۆیە سەریهەڵدا، گوایە سلێمانی پایتەختی ڕوناکبیریەو هەولێریش پایتەختی سیاسیە، کەبەبڕوای من ئەم هەرایەش بەجۆرێك لەجۆرەکان بۆدڵدانەوەو موجامەلەکردنی خەڵکی ئەم شارەیە ، کە بۆئەوەی بڵێن سلێمانی پەراوێزنەخراوەو بەڵکو سلێمانی دەکەینە پایتەختی ڕوناکبیری، ئەمە جگەلەوەی هەناسەی ئەم پڕۆژەیە جۆرێك لە هەستی تایفەگەری و ناوچەگەرییەتی وشارگەرێتی پێوەدیارە، بەتایبەتی لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا، وابزانم کەسمان نوکتەی نێوان هەولێری و سلێمانیمان لەبیرنەچوەتەوەو ئەم ململانێیەش مێژویەکی کۆنی هەیە لەنێوان ئەم دوشارەدا، بۆیە بونی هەولێر لەلایەك وەك پایتەختی سیاسی و سلێمانی وەك پایتەختی ڕوناکبیری، جۆرێکی ترە لەو هاوسەنگیە سیاسیانەی کە پانزە ساڵە حیزبەکانی ئێمە پیادەی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وابێت جۆرێك لەتایبەتمەندی هەیە لەسلێمانیدا لەڕوی کلتوری و ڕۆشنبیریەوە، بەڵام هەرگیز ئەمە بۆئەو ڕستە کۆمیدیە نابێت کە ناوی دەبەن بە پایتەختی ڕوناکبیری!!

من تێناگەم گەر ئەمە گەمەیەکی سیاسی نەبێت چیە کە شارێك ببێتە پایتەختی ڕوناکبیری هەرێمێك تائێستا گەلەرییەکی هونەریی مۆدێرنی تێدانەبێت، تائێستا ئەم شارە هۆڵێکی سینەمای نەبێت، تائێستا ئەم شارە خاوەن هۆڵێك نیە بۆنمایشی مۆزیك،هۆڵێك نیە بۆنمایشکردنی شانۆییەك، ئیدی پێم ناڵێن کام پایتەختی ڕوناکبیری؟؟!

بریا وەزیری ڕۆشنبیری و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لەبری ئەم پڕۆژەیە بیریان لەکردنەوەی هۆڵێك بۆشانۆکاران،بیریان لەکردنەوەی گەلەریەکی هونەریی بکردایەتەوە، نەك پایتەختێکی بێ بنەماکانی ڕوناکبیری.

ئایا دەکرێت شارێك پایتەختی ڕوناکبیری بێت و شەوی دوسەعات کارەبای هەبێت؟ دەکرێت شارێك پایتەختی ڕوناکبیری بێت و ئاوی خواردنەوەی نەبێت؟! دەکرێت شارێك پایتەختی ڕوناکبیری بێت و خەڵکەکەی نەوتیان نەبێت بیکەنە سۆپا؟؟ دەکرێت شارێك پایتەختی ڕوناکبیری بێت وشارەکە بنەمای شاری تێدانەبێت؟؟ئایا چەمکی شار وەك ئەوەی لە بیناسازی مۆدێرندا هاتوە لەسلێمانی ولە هەمو شارەکانی تری کوردوستاندا بونی هەیە؟! بێگومان نەخێر..

گەر ئەدۆنیس بە وڵاتانی عەرەب بڵێت "خاوەن شارنین و ئەوەش ناو دەبرێت لای عەرەب بە شار،جگە لەکەڵەکەبونی کۆمەڵێك خانو هیچی ترنیە!!"ئەمە لەکاتێکدا وڵاتانی عەرەب خاوەن قاهیرەو بەیروت دەوحەن،ئەی ئێمە خاوەنی کوێین و کام بنەمای شار لەسلێمانی و هەولێردا هەیە؟؟

مادام حکومەتی هەرێم بیری لەوەکردوەتەوە سلێمانی بکاتە پایتەختی ڕوناکبیری، پێویستە لەسەریشی چەند بنەمایەکی سەرەکی هەن لە شاردا لەسلێمانیدا دروستی بکات، دیارترینیان چاکردنی تاسەی شەقامەکان، پڕۆژەی ئاوو ئاوەڕ بۆ دەیان گەڕەکی نوێ کەتائێستا لەناو ئەژنۆیەك قوڕو لیتاو دەژین، دروستکردنی قوتابخانە بۆمناڵانی پایتەختی ڕوناکبیری، کە ئێستا لەم شارەدا پۆلی واهەیە پەنجا مناڵی تێدایەو زۆر شتی تریش ...

دەبوو ڕاگەیاندنەکانی کوردوستان و(ی.ن.ك) لەبری ئەوەی بیریان لەوەکردەوە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی عەفەویانە بۆئەم بابەتە بخەنە کار، بیریان لەوە بکردایەتەوە بە بەرنامەو ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەو تەلەفزوێنەکانیان کەمو کورتی ئەم شارە پیشان بدەن و حکومەتی هەرێم ناچارکەن ئاوڕی جدیتری لێبداتەوە..

ئەمە لەکاتێکدا ڕاگەیاندنی ئەوان هەڵمەتی بەپایتەختکردنی ڕوناکبیری سلێمانی بەرپادەکەن، ڕەنگە بەلاشیانەوە قورس و گوناە بێت گەر کەسێك لەتەلەفزوێنەکەیانەوە ڕەخنە لەم پڕۆژە عەفەویە بگرێت، هەروەك چۆن لە پرسیارێکی (tv.puk) دا پرسیاری ئەوەیان لەمن کرد، کە بۆچونت چیە سەبارەت بەوەی سلێمانی بکرێتە پایتەختی ڕوناکبیری؟؟ منیش کرۆکی ئەم نوسینەم لەو دیدارەدا باسکرد، بەڵام ئەوان لەکاتی پەخشکردندا بەشی هەرەزۆری ڕەخنەو پێشنیارەکانی منیان بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان بەدڵیان نەبوو لایان بردبوو، لەکاتێکدا پێش ئەوەی من قسە بکەم بۆ ئەو دو ڕۆژنامەنوسەی تەلەفزوێنی گەلی کوردوستان پێم وتن ئەوەی من دەیڵێم لەسەر پایتەختی ڕوناکبیری ڕەنگە لای ئێوە دانەبەزێت، هەردوکیان وتیان چی دەڵێیت دادەبەزێت، دیارە سانسۆری سەروی ئەم دوهاوڕێیە ڕێگەیان لەو چەند پەڕەگرافەی من گرت، لەوەش سەیرتر، هاوڕێیەکی ترم لەگەڵدابوو ڕەخنەی زیاتر گرت لەم پڕۆژەی بە پایتەختکردنی ڕوناکبیری سلێمانی، بەڵام سانسۆر نەیهێشت قسەکانی ئەو هەردابەزێت!!

دیارە تەلەفزوێنی گەلی کوردستان لەسلێمانی دەیانەوێت بۆچونی هەمو کەس بەتایبەتی ڕوناکبیران بەئاڕاستەیەك بێت لەگەڵ سیاسیەتی باوی ڕۆگاردابڕوات ، گەرنا قسەکانت سانسۆردەکەن!!

دیارە ئەم جارەش دەسەڵاتداران دەیانەوێت خۆیان چیان وت و چیان کرد هەردەبێت ئەوەبێت